کچە کوردەکی دانیشتووی کەندا لەلایەن باندی مافیایی تیرەر کرا

تەرمی "شیلان شاهبازیان"، کچە کوردی نیشتەجێی وڵاتی کەندا دوای دوو مانگ لە دیارنەمانی لە شاری وێنزەر لە کەندا دەزرایەوە.

پێشتر، لە ڕۆژی 7ـی 1ی 2025، پۆلیسی شاری وینزەر لە ویلایەتی ئۆنتاریۆی کەندا ڕایگەیاندبوو، کە شیلان شاهبازیان-ی تەمەن 26 ساڵ کە لە شاری وینزەر دەژی، حەفتەیەکە دیار نیە و هەرکەس زانیاری لایە پۆلیس ئاگادار بکاتەوە.

شیلان کچە کوردەکی دانیشتووی کەندایە و نزیکەی دوو مانگ بەسەروشوێن بوو، دواجار ڕەنج پشدەری، چالاکوانی بواری کەچ و کچبەرانی کورد ڕایگەیاند: دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە لەلایەن باندێک کوژراوە و خەم هەواڵی مردنەکەیم بە خێزانەکەی ڕاگەیاند.

کچکردوو خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەیەک لە کەندا دەژی، بەدەستی باندی مافیایی کوژراوە.